# هەر هەموتان راستناکەن



پێشتر لەساڵانی رابردوو، لە سەردەمی دەنگدانەکاندا، دەمنوسی و دەمگوت هەر کەسێک لە چوار تاقیکردنەوە دەرنەچوبێت، چۆن بۆ ئەوە دەبێ دەنگی پێ بدرێتەوە، کەس گوێی لێنەگرتم و دەنگیان پێدانەوە، وا دیمان لەدوای هەڵبژاردنەوەیان لە تاقیکردنەوەی پێنجەمیش دەرنەچون و ئەمجارە بەتەواوەتی کەشتی ئەزمون و کوردایەتی لەدەریای تاریکدا نقوم دەکەن.

هەر هەمووومان دەزانین وا بۆ بیست ساڵ دەچێت ئەو قارەمانانە هەر یەکەی بەشێوەیەک سەرۆکایەتی ئەو بەشە ئازادکراوە دەکەن کە لەلایەن هاوپەیمانانەوە بەهۆی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە هاتە ئاراوەو هاوپەیمانان خۆیان کردە چەترو پارێزەری ئەو بەشە ئازادکراوە، بۆ راهێنانی کورد لە خۆبەرێوەبەریدا، بەڵام لەجیاتی زانستی فیربوونی بەرێوەبەری، نەتەوەکەم فێری لێک دوورکەوتنەوە، دزی و درۆزنی، تەمبەڵی و گەندەڵی کرا.

کرداری رابردوو و ئێستایان، وا نیشان دەدا کە تاکو ئەمرۆ چاوی کوردیان بەستوەو رۆژانە بۆ پاراستنی دەسەڵاتداریەتی و باخەڵ پرکردنی خۆیان کوردەکە بەگژ یەکتر دادەکەن و بەرەو هەڵدێری سیاسیان دەبەن، کوردەکەشم بەخەبەر نایەو لەخۆی ناپرسێ بۆ وا گەرم داهاتوە ؟.

ئەگەر ئەو قارەمانانەی کە هیچ کامێکیان نانێکی رەقیان نەخواردوە، تاڵی و سوێریان نەچاشتوە، تاکە فیشەکێکیان بەدوژمنەوە نەناوەو دڵۆپە خوێنێکیان لێنەهاتووە سەریان لەنەتەوەکەم نەشێواندوە، چۆن باوەڕ بکەم، بلوێنەرێک بۆ هەژارێک بگری ؟، یان هەژارێک بۆ بلوێنەرێک هەڵپەرێ، چۆن باوەڕ بکەم مارکسیەک بۆ ئیسلامیەک بگری، یان ئیسلامیەک بۆ مارکسیەک بگری ؟، چۆن باوڕ بکەم ئێوەی خوێن رێژ باسی مافی مرۆڤ بکەن ؟.

هەڵسوکەوتی نارەوا، بۆخۆ پچڕین و باخەڵ پڕکردن، ڕێزنەگرتن لە سەنگەرو یاسای مافی مرۆڤ، ئەو دەرفەتە زێرینەی لەدەست کورد داو وا جارێکی تر لەسایەی ئەو قارەمانانە کوردەکە دەکەوێتەوە دەست دەسەڵاتدارانی عەرەب و تورک و فارس.

لێرەوە وەک نامەیەکی کراوە، داوا لەکۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکەم، کورد بەجێ مەهێڵن بۆ داگیرکەران و دارودەستەکانیان، داواتان لێدەکەم هەر وەک چۆن ڕژێمی سەدامتان لەناوبرد، هەمانشێوە کوردیش ڕزگار بکەن لەدەست ئەو پێنج بێویژدانەی کە ئەمڕۆ خۆیان کردۆتە قسەکەرو دەمڕاستی ئەو بەشە ئازادکراوەی خوارووی کوردستان.

سەردار پشدەری

لەندەن ٦ – ١٢ – ٢٠١١

http://www.kurd-oil.net